## چاوو ڕاو

له لای باوکی ئەڵێ ( مەدهۆش ) کوڕێکی چاکو وریایه
زمانی خۆشه ، هەرزانجانه ، ئیشی جوانه ، وەستایه

له لای دایکی ئەڵێ ( مەدهۆش ) بەڕاستی زۆرقسەی خۆشه
خەمی دنیای نی‌یه ، زۆر دڵتەڕەو ، دایم لەسەرخۆشه

له لای خوشکی ئەڵێ ( مەدهۆش ) چ چاو باشقاڵو شەیتانه
چ قینم لێ‌یەتی ئێسك‌گرانەی زۆڵی زۆرزانه

له لای کاکی ئەڵێ ( مەدهۆش ) لەکوێ‌یه ! خۆزگه ئەمناسی
ئەوەندەی ناوئەبەن ، مێشکم یەشێ ، نەبڕایەوه باسی

له لای پووری ئەڵێ ( مەدهۆش ) فەقیرەو خزمی خۆمانه
که دیت ئەحواڵی پرسه نەك نەخۆش بێ ئەو بەسەزمانه

له لای خەڵکیش ئەڵێ ( مەدهۆش ) ئەڵێن بۆ شەخصێ سووتاوه
به جارێ حورمەتو هۆش‌و دڵو گیرفانی داناوه

له لای خۆشم ئەڵێ شێتی ، عەزێتی خۆت نەدەی چاکه
له جێی خۆت دانیشه ، خۆت لێ نەگۆڕێ ، هۆشێ پەیدا که

له لای خوا چی بڵێ ئاخۆ دڵی خۆی چیی‌تری تیایه
منیش خۆشم ئەوێ بێ‌دەنگ ، ئەویش هەرچی بڵێ ، وایه

١٩٦٢

## چاوەڕوانی

دوێنێ تادرەنگ چاوەڕێم کردی
زۆر پەرێشان بووم که ڕانەبووردی

گەلێ جوانم دی هاتن تێپەڕین
هەموو بۆ یاری خۆیان پێکەنین

تەنیا من نەبێ به چاوەڕوانی
دوایيم به ڕۆژو به ڕێبوار هانی

نه زەردەخەنەو نه تیلەی چاوێ
نه ترپەی پێ‌یێ ، نه ڕووی ناسیاوێ

دڵی خەمگینم هەر نەکرایەوه
چی خەفەت هەبوو بۆ من مایەوه

ئەڵێی دوژمنت کەوتۆته بەردەست
یاریی پێ ئەکەی به دەستی مەبەست

نه وا هاتوچووی گەرمو بێ‌عاری
نه خۆ ونکردن وا به یەك‌جاری[1]

١٩٦١

## ئـاخ ، پەنجەت

بەوەم زانی که دەرزی چوو به دەستا
که چاوتم دی له جەرگم کسپه هەستا

ئەوەندەی خوێن له بن نینۆکی تۆ هات
ئەوەندەش خوێن له چاوی من نەوەستا

له داخی ئەزیەتی ئەو پەنجه جوانەت
ئەجەنگم من لەگەڵ دەرزی‌و مقەستا

دڵی من ناسکه وەك دەستو پەنجەت
دڵی تۆ زۆر ڕەقه وەك دەستی وەستا

سەرت داخستبوو پەنجەت ئەجووڵان
دەمم بەستو له چاوم فواره هەستا

هەتا من هەم لەبەرچی خۆت جل ئەدرووی
هەموو فرمانو فەرمان وا له دەستا

به خۆشیی تۆ خەیاتیم لا پەسنده
دەسم لێ بەرنەداوه تاکو ئێستا[1]

١٩٦٢

## لەگەڵ تۆمه

کچی جوان من ئەگەر بێ‌کاروبار ماوم ، لەسەر تۆیه
ئەگەر تێ‌هەڵدراوم ، دڵ شکێنراوم ، لەسەر تۆیه

بەیانی تاکو ئێواره به چاوەڕوان له بەردەرگام
به شەو تاکو بەیانی بێ‌خەون چاوم لەسەر تۆیه

هەموو خزمانو دۆستانم له من تۆراوو لالووتن
له لای بێگانەوو یاران که بەدناوم لەسەر تۆیه

دەمێ کۆڵان به کۆڵان هەروەکوو دز خول‌ئەخۆم بێ‌دەنگ
دەمێ یاساوڵی سەر ڕێگه وەستاوم لەسەر تۆیه

که یاران پێم‌ئەڵێن تۆ بۆچ وەهات لێ هاتووه بەدبەخت
له شەرما هەروەکوو بت ، بێ وەڵام ماوم ، لەسەر تۆیه

به بەردەرگاکەتا تێپەڕ ئەبم سەیرێکی ڕووم ناکەی
له لای وردو درشتی ناوچه ناسراوم ، لەسەر تۆیه

دەبا جارێك بڵێی فەرموو ، وەیا جارێك بڵێی لاچۆ
لەسەر ورتەی وەڵامێکا که داماوم ، لەسەر تۆیه

به چاوی سووکەوه سەیرم مەکه ، نرخم لەسەر دانێ
به یاری تۆم ئەزانن خەڵکی ، من ناوم لەسەر تۆیه[1]

١٩٦٣